# ئەدەبییات و پەتای سیاسەت

ن: رەسووڵ سوڵتانی (بۆکان)

هەر سەردەمێک بەپێی بارودۆخی سیاسی و جڤاتی و باری ئابووری و ئاستی پیشەسازی و بەگشتی بەپێی رادەی دواکەوتوویی یا پێشکەوتوویی خۆی دەبێتە هۆی پێکهاتن و بەرهەمهێنانی شێوەیەکی تایبەت لە تێڕوانین و خوێندنەوەو، لەسەرووی هەمووانەوە زمانێکی سەردەمیانەو گونجاو. زمانێک کە هەڵگری تایبەتمەندییەکان و مەعریفەی سەردەمی خۆی بێ و لە شێوەی ئاخافتنەکانی پێش خۆی جیای کاتەوە. بەو پێیە کە بەرهەمی ئەدەبی لە زماندا خۆدەنوێنێ ئیدی ناکرێ بێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تاوتوێ بکرێن. دیارە تاوتوێکردنی لەو چەشنە بەرلەوەی لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ بێ لەجەوهەری ئەدەبییات زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەیە کە رێگربوون لەبەردەم گەشەکردن یا دابەزینی ئەدەبییەتی بەرهەمەکان یا ئەو پاڵنەرانەی کە رێخۆشکەربوون بۆ بەلارێداچوونی ئاقاری ژانرەکان. ئەگەر لە رستەیەکی کورتدا بڵێین هونەر وەڵامێکی مەعریفییە بۆ ویستە دەروونییەکانی مرۆڤ؛ تێدەگەین کە ناخی مرۆڤی بەئاگاو هۆشیار لێوڕێژە لە پرسیارگەلێکی بێ وەڵام کە سروشت توانای راڤەو لێکدانەوەیانی نەبووە. لێرەوە ئەو راستییەش تێدەگەین کە هونەر گەڕانە بەشوێن «بوون»دا، بوونێک کە ژیانی عادەتیی رۆژانە (ژیانی ماشێنیی) لە مرۆڤ ون و بزرکردووە.

کەواتە هونەر کردەیەکی بوون ناسانەیەو گەرەکیەتی پێناسەی دنیایەک بکا کە لە زماندا بونیاتنراوە. هەر سەردەمێک شێوەی ئاخاوتنی خۆی هەیەو لەڕاستیدا باری سایکۆلۆژیای کۆمەڵگاو پێویستییە دەروونییەکانی هەر قۆناغێک زمانی تایبەت بەخۆیان بەرهەمدێنن، بۆ ئەوەی بتوانن بەهۆی ئەو زمانەوە یا لەو زماندا وەلامی لانی کەم بەشێک لە پرسیارەکانیان بدەنەوە. باختین لەو بارەوە دەڵێ: هیچ شتێک بۆ مرۆڤ سامناکتر لە نەبوونی وەلام نییە(١). بۆیە هونەر بەچەشنێک بونیاتنانی جیهانێکە کە تێیدا پرسیارەکانی مرۆڤ بێ وەلام نامێنێتەوەو، نیچەش باس لەو سامناکییە دەکاو دەڵێ: جیهان رازگەلێکی تێدایە کە ژیانیان سامناک کردووەو تەنیا بەچەکی هونەر دەتوانین شەری ئەم سامناکییە بکەین و لە بێ مانایی دەرباز بین.(٢)

بەو جۆرە مرۆڤ بەخولقاندن و داهێنانی هونەری لە ترس و دڵەڕاوکێکانی ئەم جیهانە رادەکاو پەنادەباتە بەر دنیایەکی رازاوەترو پڕ لە ماناو واتای نوێ. پاراوەییەکەش لەو وەلامانەوە سەرچاوەدەگرێ کە هونەر دەیخاتە بەردەم پرسیارەکانی بوو.ن هونەرمەند بەم جۆرە پەیوەندییەکی چڕوپڕو دوولایەنە پێکدێنێ لەنێوان جیهانی دەروونی خۆی و دنیای دەرەوەیدا و، ئەوەش گەلێک واتاو چەمکی نوێی لێدەکەوێتەوە. بەبەرهەستکردنی ئەم واتاو چەمکە نوێیانە لەڕێگای زمانەوە بەرهەمێکی نوێ و بەرز دەخولقێنێ و بەو شێوەیە وەلامێکی مەعریفی دەداتەوە بەپرسیارە دەروونییەکانی خۆی. تەواوی ئەوانەش رۆڵی «زمان»مان بۆ بەرجەستەدەکەنەوە کە وەک توخمێکی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی ژانرە هونەری و ئەدەبییەکان و بەگشتی لە پانتایی هزرو ئەندێشەی مرۆڤدا دەوری هەیە، گرینگدان بەزمان وەک توخمێکی سەرەکی لە ئەدەبییاتدا لە لایەن فۆرمالیستە رووسییەکانەوە بەروونی خرایەڕوو: «ئەوان ئەدەبییاتیان بەسیستەمێکی زمانی دەزانی کە دەبێ و پێویستە خوێندنەوەی لەسەر بکرێ و تێی بفکرین بەلای ئەوانەوە ئەدەبییات شێوەی تایبەتیی کەڵک وەرگرتنە لە زمان. ئەوان هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بەدوورخستنەوەی زمان لە ئاخافتن و پەیڤی ئاسایی و عادەتی و دوورخستنەوەی لەحاڵەتی ئامێری و پراکتیکی دەکرێ زمانی ئەدەبی و ئەدەبییات بەرهەم بێنین(٣).

سەرەڕای ئەوانەش ئێمە لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا دەبینین کە ئەدەبییات تووشی گەلێک هەڵکشان و داکشانی بەرچاوبوو و زۆرجاران ئاستی مەعریفی و جەوهەری ئەدەبیی ئەدەبییات ئەوەندە دابەزیوە کە هاتۆتە ئاستی زمانی بازاڕو کۆلانان. بێ گومان ئەوە رووداوە سیاسی و جڤاتییەکانن کە ئاوا راستەوخۆ لەسەر هونەر شوێن دانەرن. ئەوەی راستی بێ لە کۆمەڵگا سیاسەت لێدراوەکاندا کە لەژێر دەسەلاتی دیکتاتۆرییەتدا دەژین، بەهۆی ئەوەی کە هیچ دەرەتانێک نییە بۆ خستنەڕووی ویست و داخوازییە گشتییەکانی کۆمەڵگا ئەدەبییات کە ئەویش زیاتر بەرتەسکدەبێتەوە لە شیعردا تەنیا تری بوونێک دەبێ کە لەوێوە کۆمەڵگا ئەویش لەرێی شیعرەوە ویستەکانی خۆی دەردەخا. کەسی شاعیر یا بەگشتی (هونەرمەند) لێرەدا رۆڵی رۆشنبیر - شاعیر -

پێشمەرگە- دەگێڕێ. نووسەری ئێرانی محەمەدی موختاری لە کتێبی (چشم مرکب)دا دەڵێ:
«ئەگەر ئازادی نەبوو، هەموو شتێک رەنگی سیاسی بەخۆوەدەگرێ». لە نەبوونی ئازادیدا شیعر دەبێتە گەرووی کۆمەڵگا. گێڕەرەوەی شانازی و سەرکەوتنەکانی رابردوو، قارەمان خولقێنی بەشێوەیەک ئەفسانەیی، شینگێڕی لە ئاست شکستەکاندا بەرهەمی هونەریی وەها کۆمەڵگایەک لە باری فۆرم و زمان واتاو تەنانەت وێنە شیعرییەکانیشەوە وێکچوویەکی زۆریان هەیە. چونکە خولیای کۆمەڵگایەک خولیایە. کۆمەڵگا خەونێکی هەیە. خەونێکی هاوبەش، وەدیهاتنی ئازادی بۆ ئەوەی هەمووان بەیەک زمان هاواردەکەن. ئاراستەی هزرو گوتاری ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە بەدوو هێڵی دژ بەردا تێدەپەڕن، دوو تەوەری خۆمانە بێگانە. ژێردەست.. داگیرکەر. تاوانبار.. بێ تاوان و بەگشتی رەش یا سپی.ژیانیش تێکەڵاو یا باشترە بڵێین دابەشکراوە بەسەروو قۆناغی شکست و حەماسەدا. لێرەدا ناوەندێک هەیە (کۆمەڵگا) کە شتەکان بەسەر ئەم دوو لایەنەدا دابەشدەکا. بەهاکان دەبنە دوو دەستە. ئیتر هونەرمەند وەک تاکێکی داگیرکراوی کۆمەڵگا کە لە هەموو بارێکەوە (ئابووری - سیاسی - جڤاتی و سایکۆلۆژیی) لەژێر کارتێکەریی کۆمەڵگادایە خۆی وەک تاکێک فەرامۆشدەکا. چونکە لە بەرژەوەندییە گشتییەکان دەدوێ. چونکە لە دەلاقەی مەعریفەی گشتییەوە هەڵدەستێ بۆ خوێندنەوەی واقیعەکان و لێرەوە تاک بوونی خۆی دەدۆڕێنێ بەهۆی توانەوە لە جەستەی «کۆویستی کۆمەڵدا» بەدۆڕاندنی روانینی تاکگەرایی یا بڵێین سەربەخۆیی تێڕوانینی و توانەوەی لە هزری گشتیدا دەبێتە هاواری کۆمەڵگاکەی، ئەوەش حاڵەتێکی خۆنەویست (نادڵخواز)ە کە کۆمەڵگاو لەڕاستیدا هەلومەرج بەسەر هونەریدا دەسەپێنێ و ئیزنی پێنادا لە بازنەی جیهانبینی و ئارەزووەکانی ئەو دەربازبێ و لە مەودایەکی ترەوە یا بڵێین لە دەرەوەی ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگاوە بروانێتە دڵەڕاوکێ و کەڵکەڵە دەروونییەکانی خۆی. لەوەها شوێن و دۆخێکدا هەر بەرهەمێک باس لە ژان و زامە گشتییەکان نەکا کۆمەڵگا دەیخاتە پەراوێزەوەو دەیڕەتێنێ. کاراکتەری هەرچی تاکی هونەرمەندە لێرەدا کاراکتەرێکی کۆخوازەو کەڵکەڵەو دڵەڕاوکێی گشتی لەگەڵ دەستەو یەخەن. بایەخە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دوو هێڵی چاک و خراپ، رەش و سپی، بۆ من یا دژ بەمنی کۆمەڵن. ئیتر بەدابەشبوونی کەسێتی هونەرمەند (شاعیر)و روانینەکەی و توانەوەی لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا گشتییەکەدا، هونەریش دەکەوێتە یەکێک لە گۆڕەپان یا مەتەرێزەکانەوە. چونکە هیگڵ گوتەنی: «هونەر دەنگدانەوەو زایەڵەی رۆحی سەردەمە» بەو دابەشبوونە ئەوەی لە دیوی بەری بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندایەو لە رۆژی شکست و حەماسەو سەرکەوتندا گوتاری حەماسی و سەرکەوتووانەو، لە رۆژی هەرەس و تێکشکاندا گوتاری شینگێڕی بەرهەمدێنێ وەک هونەرێکی پیرۆزو مەزن چاوی لێدەکرێ. دیوی بەرامبەرەکەشی گوتاری داگیرکەرو کاولکەرە. ئەم پێوانەی داگیرکەر ژێردەست (داگیرکراوە) دەبێتە پێوەری قارەمانێتی و دۆڕاویی هونەرمەند. بەڵام هەمووی ئەو

گەڕانەوەیە بۆ ناوەندێتی کۆمەڵگاو کۆویستەکانی خۆی پەرچەکردارێکە لەبەرامبەر ئەو هێزەی کە بەتواناییەکی چەوسێنەرو گوتارێکی زاڵ و خاوەن هەستێکی خۆ بەمەزن زانییەوە هاتۆتە مەیدان و لە پێگەو دیدو تێڕوانینێکی باڵادەستانەوە بەسووکایەتی و تەنانەت هێرشی جەستەییش هەستاوە بۆ تێکدانی بنەما فیکری و کلتووری و چەواشەکردنی شوناس و مێژووی ئەو داگیرکراوو لە ئاکامدا تواندنەوەو لەناوبردنی بەو شێوەیە؛ سیاسەت دەبێتە کاکڵ و ناوەرۆکی زاڵ بەسەر هونەرو ئەدەبییاتدا. تەنانەت مەعریفەو کۆمەڵناسی و بەگشتی زانستە مرۆییەکانیش (ئەگەر لە ئازادابن) دەبنە بەشێک لە خوێندنەوەی سیاسیانەی واقیعەکانی سەردەم هەڵبەت زۆربەی جاران تەواوی ئەو زانستانەش لە زمانی شیعرەوە دەدرکێندرێن وەک زۆرجار دیتووشمانە تەنانەت مەسەلەیەکی پزیشکی یا ڕێزمانی خراوەتە نێو فۆرمی شیعرییەوە، هەڵبەت نەک شیعر، بەڵکو نەزمی عەرووزی. سیاسەت کە بەسەر لایەنی هونەریی ئەدەبییاتدا زاڵ بوو ئیتر ئەو دەسەڵاتە هونەرییەی کە زمان بۆ دەربڕینی هونەری پێویستێتی بەرەو لاوازی و رووکەشبوون دەچێ و زمانی ئەدەبییات لە خزمەتی سیاسەتدا دادەبەزێتە ئاستی زمانی ئامێری و پراکتیکی ئەوە رێک بەپێچەوانەی لایەنی ئەدەبیاتی زمانە. بەم جۆرە سیاسەت هێڵ و ئاراستەی هزرو پەیڤی هونەر دیاری دەکاو دەیکا بەچەکێک لە خزمەت ئایدیۆلۆژیاکانی خۆیداو، هەروەها بۆ بەرەنگاری لەبەرامبەر گوتاری زاڵ و داگیرکەرانەی هێزی باڵادەست.

(سیاسەتی زاڵ و چەوسێنەر بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە کۆمەڵگاو مەعریفەی کۆمەڵ بەئاراستەیەکی یەکڕەنگ و یەکدەنگیدا بەرێ و دەرگای سەرهەڵدانی دەنگە جیاوازەکان لەسەر مێشکەکان دابخاو لەپێناو بەرهەمهێنانی تاکە دەنگێک کە تەنیا بۆ پەسندکردنی ئاکارەکانی ئەو دەردەبڕێ؛ هەوڵی یەکدەنگکردن و یەکڕەنگکردنی هەموو لایەنە جیاوازەکان بدا(٤).

ئەم هەوڵەی لایەنی زاڵ و داگیرکەر دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا هەست بەترس و دڵەڕاوکێیەکی هاوبەش، کەڵکەڵەیەکی هاوبەش؛ زیان و بەرژەوەندییەکی هاوبەش بکاو پەرچەکرداری ئەو هەستەش یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی کۆمەڵگای لێدەکەوێتەوە. ئەو یەکدەنگبوونەش ئەوە نییە کە گوتاری چەوسێنەر خوازیاریەتی، بەڵکو بریتییە لەو یەکدەنگییە کە لەپێناو پاراستنی بەها گشتی و هاوبەشەکاندا بەمەبەستی مانەوەو بەرگری پێکهاتووە. ئەو دەنگە دەنگێکە کە مرۆڤی شاعیر بەشێک لە ویستە تاکەکەسی و حەزە دەروونییەکەی خۆی وەلادەنێ و خۆی بەئامانجێکی پیرۆزەوە کە ئامانجی کۆمەڵگایە گرێ دەدا: ئەوەتا بۆ وێنە: (هێمن)ی شاعیر لە تافی لاوێتیدا چاوپۆشی لە حەزی جوانیپەرەستی خۆی دەکاو ئەم ویستە تاکەکەسییەی دەکاتە فیدای شتێکی مەزنترو دەڵێ:

**«عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم**

**عاشقی کێوو تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن».**

ئەو ئارمانجە گشتییە حەزی تاکەکەسی فیدادەکرێ؛ ئازادییە. ئازادییەکی زەوتکراو کە لە نەبوونی ئەودا ویست و حەزە دەروونیی و تاکەکەسییەکان مانا

نادەن و وەدی نایەن، بۆیەش هەر گوتارێک لە خزمەتی ئارمانج و ئاواتەکانی کۆمەڵگادا نەبێ کۆمەڵ بەچاوی سووکەوە لێی دەڕوانێ.

ئەم سیاسەتە لەوانەیە سیاسەتێکی نێوخۆیی و ئایدیۆلۆژیای حزبێک یا گرووپێکی دەسەڵاتداری نێوخۆیی بێ. لەو جۆرە دەسەڵاتانەی کە تەنیا لە بۆنەو ڕێوڕەسمەکاندا ئەدەبییاتیان بیردێتەوە، ئەویش وەک ناواخن و مەزەبی بەرنامەکان، واتە ئەوکاتە ڕێز لە هونەر دەگرن کە ببێتە تریبووتی پڕوپاگەندەی سیاسەتەکانیان و زمانی جوانکردنی دیوی دزێوی ئاکارو دەسەڵاتیان. بەڵام ئەدەبییات لەوەها کەشێکدا چی بەسەر دێ؟

ئێمە لەسەرەتای باسەکەماندا ئاماژەمان بەگرنگێتی ڕۆڵی زمان کردو زمانمان وەک توخمی سەرەکیی ئەدەبییات ناساند. پۆل ریکۆر پاراستنی زمان وەک ئەرکێک دەخاتە سەر ئەستۆی شیعر کە دەڵێ: ئەرکی شیعر ئەوەیە زمان بەفرە واتایی بگا. ئەو بۆچوونەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی فۆرمالیستەکان دەگەڵ زماندا کە پێداگربوون لەسەر دوورخستنەوەی زمانی ئەدەبی لە زمانی پەیڤینی ئاسایی بەهۆی تەکنیک گەلێک بۆ وێنە نامۆکردن (ئاشنایی سڕینەوە). لە کۆمەڵگایەکی داگیرکراودا شاعیر ئەوەندەی گرنگی دەدا بەپەیامی شیعر ناپەرژێتە سەر گرنگییدان بەفۆرم و چڕکردنەوەی زمان. بۆیەش یەکەم شتێک کە زیان دەبینێ زمانی شیعر (ئەدەبییات)ە کە لەواتای جۆراوجۆر رووتدەبێتەوەو فرەمانایی و(حاڵەتی پۆلی فۆنیک)ی خۆی لەدەستدەدا لەوە دوا زماندا دەبەزێ بۆ ئاستی زمانێکی ئامێری و پراکتیکی. کە زمان گەیشتە ئەو ئاستە بەئاراستەیەکی تاکڕەهەندی و رووکەشیدا دەڕوا. بەگشتی رەهەندە هونەرییەکانی کاڵدەبنەوەو ئەدەبییات بەم جۆرە بەرتەسک دەبێتەوە لە کۆمەڵێک وێنەی دووپاتکراوو دروشمی سیاسی.

لەدەستدانی دەلالەتی فرەمانا و داکشان بەرەو تاکڕەهەندی دەبێتە هۆی ئەوەی پاش کۆتاییهاتنی ئەم دۆخ و کەشوهەوایە کارکردنی ئەم چەشنە هونەرە لاوازبێت و وردەوردە فەرامۆش بکرێ. چونکە لە زۆر شوێندا دەق دەبەسرێتەوە بەرووداو یا هەڵوێستێکی دیاریکراو لەسەردەم و سات و جوگرافیایەکی زیهنی و عەینیی دیاریکراودا. دەقێکیش کە تا ئەو ئاستە رووت بکرێتەوە ئیتر توانایی خۆدارشتنەوەی نامێنێ و دەبێتە دەقێکی تەنک و خۆ بەدەستەوەدەر. لە ئاستی واتاییشدا ئەم واتا و پەیامانە دەگرێتە خۆی کە تێکەڵاوی کۆمەڵێک دروشمی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی دەبێ و دەچێتە خزمەتی ئایدیۆلۆژیاو چوارچێوەی بەرنامەو پرۆگرامی حزب ئیتر پانتایی داهێنانی هونەری جاربەجار بەرتەسکتر دەبێتەوەو لەو بازنە داخراوەدا دەخولێتەوە. مرۆڤ لە گوتاری ئەم چەشنە هونەرەدا دابەشدەکرێن بەسەر شۆڕشگێڕو قارەمان داگیرکەر؛ لە ئاستی دەسەڵاتە خۆماڵییەکانیشدا وەکو حزب و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکان دابەش دەبن بەدۆست و نەیار؛ خۆمانەو بێگانە. لایەنی یەکەمی ئەم دابەشکارییە بەپێی جیهانبینی کۆمەڵگا بێ ئەملاوئەولا جێی شانازی و پێدا هەڵگوتنەو رووی ئەودیو، واتە لایەنی دووهەم (داگیرکەر) روخسارێکی دزێوی هەیەو مەحکوومە بە لەناوچوون. زمانیش هاوکات دەگەڵ رووت

بوونەوەی دەبێتە ئامرازی دادوەریی و داوەریکردن و قەزای ئەدەبییاتیش زیاتر دەبێتە خانەی دادگاییکردنی لایەنی بەرامبەر و فەزایەکی داخراو لە رەوایی بەخشین و تاوانبارکردن. ئیتر هەموو جەوهەرو لایەنە رەسەنەکانی ئەدەبییات کورتدەکرێتەوە بۆ ئەدەبییاتێکی ئەخلاقی و ئامۆژگاریکەرو فێرکەرانە (تەعلیمی) ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی پەیام و ناوەرۆک زاڵبن بەسەر لایەنە هونەرییەکەی ئەدەبییاتدا. چونکە زمان بەر لەهەر شتێک جەخت لەسەر زەمینەی واقیع دەکاتەوە ئەگەر هونەر لەوەها کەشێک دووربێت و لە فەزایەکی سالمدا گەشە بکا؛ پەیامی هونەری نەتەنیا ئاراستەکەی بەرەو چوارچێوەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا نییە بەڵکو لەخۆیدا دەبێتە واقیعێکی زیندوو کە پێویستی بەراڤەو لێکدانەوەی جیاواز هەیە بەپێی ئاسۆی تێڕوانینی خوێنەرەکان دەرگای ماناگەلی جیاواز دەخاتە سەر پشت و لەهەر خوێندنەوەیەکی نوێ داو لەهەر سەردەمێکدا وەک جیهانێکی پڕ لە جووڵەو زیندوو خۆی دادەڕێژێتەوە.

لە هونەری سیاسەت لێدراودا خوێنەر دەبێ لەپێشدا کۆمەڵگاو بواری بەرهەمهاتنی هونەرەکە بناسێ و لە دەروازەی ناسینی کۆمەڵگاوە بچێتە نێو جیهانی دەقەوە، بەڵام لە هونەرێکدا کە لایەنە جەوهەرییەکانی هونەر دەپارێزرێ خوێنەر لە دەلاقەی هەر وشەو رستەو وێنەیەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناخی مرۆڤ و جیهان بەگشتی، کەواتە لەرێگەی هونەرەوە جیهان و واقیعەکانی پێناسەدەکاتەوە.

کاتێک بەها کۆمەڵایەتییەکان و لەسەرووی ئەوانەو بەرژەوەندیی سیاسی و ئایدیۆلۆژیان حزبەکان دەبنە فاکتەری گرینگ و سەرەکیی بۆ دیاریکردنی رەسەنایەتی و نارەسەنیی هونەر، ئیتر هونەرێک پەسەندە کە لەگەڵ شادمانیی ئەواندا سرود بچڕێ و لە شکستەکانیاندا شینگێڕی کۆڕو بۆنەکان بێ. لێرەوە هونەر دەخزێتە کوڵانەوەو ئەدەبییات دەبێتە بابەتێکی رەشۆکی و پێویستە بەزمانێک بدوێ کە شوان و وەرزێریش وەک خوێندکارو قوتابی تێی بگەن و ئەدەبییات تەنیا ئەو مانایە بەدەستەوە بدا کە مامۆستایەک و وەرزێرێک و فەیلەسووفێک وەک یەک لێی تێبگەن.

هەروەک ئاماژەی پێدرا ئەو دۆخە خوێنەر بەرەورووی دەقێک دەکاتەوە کە تاکڕەهەندو یەک واتایە، چونکە ئەدەبییات بەجێی قووڵکردنەوەی لایەنی مەعریفی خۆی و داڕشتنەوەی جیهانبینییەکی نوێ لە فۆرم و زماندا دەپڕژێتە سەر باسوخواسی رۆژانەو دەبێتە کەناڵێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی خەڵک لە دەست گرانبوونی نرخی نان و نەوت و ئاوو جلوبەرگ و...

تێگەیشتن لەو مانایەش زیاتر بەستراوەتەوە بەتێگەیشتن و ناسینی ئەو زەمینەیەی بەرهەمی هێناوە. ئەم هۆکارانەی باسیان لێکرا لایەنە جۆراوجۆرەکانی هونەر (رۆمان - چیرۆک - شانۆو..) تەنیا لە ژانرێکدا بەناوی شیعر بەرتەسک دەکەنەوەو، بۆیەش شیعر دەبێتە توخمی زاڵ هونەری و، ئەویش دواجارکردنی ئیستاتیکای خۆی دەکاتە فیدای خوێندنەوە گشتی و ئایدیۆلۆژییەکانی سیاسەت و کۆمەڵگا.

**سەرچاوە:**

ساختارو تأویلمتن - بابک احمدی سال ١٣٨٠ نشر مرکز.
٤- کتێبی (چشم مرکب) - محمد مختاری، چاپ نفت ١٣٧٨ انتشارات توس.